HSE

Health and Safety Executive

# یاسای تەندروستی و سەلامەتی

## چ شتێك پێویستە بۆ تۆ کە بیزانیت

## Kurdish




This is a **Kurdish** language version of leaflet ISBN 978 0 7176 6501 3, published 04/09

ئەمە وەشانێکی تایبەت بە ئینتەرنێتی کارتی گیرفانیی یاسای تەندروستی و سەلامەتییە، لە 04/09 دا بڵاو کراوەتەوە.

هەموو کرێکارێك مافی ئەوەی هەیە کە لە شوێنێکدا کار بکات مەترسیەکانی سەر تەندروستی و سەلامەتی ئەو بە رێکوپێکی کۆنترۆڵیان بەسەردا کراوە. تەندروستی و سەلامەتی واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بەر لەوە بگیرێت لەسەر کار زیانت پێ بگات یاخوود بەهۆی کارەکەتەوە دوچاری نەخۆشی ببیت. خاوەنکارەکەت بەرپرسە لە تەندروستی و سەلامەتی، بەڵام خۆیشت پێویستە لەسەرت یارمەتیدەر بیت.

### ئایا دەبێت خاوەنکارەکان چیت بۆ بکەن

1 بزانێت چ شتێك لە کارەکەتدا ئەگەری ئەوەی هەیە زیانت پێ بگەیەنێت وە بزانێت خۆپارێزی بەرگرتن لەوانە چین. ئەمە بەشێکە لە هەڵسەنگاندنی مەترسی.
2 دەبێت بە جۆرێك کە تۆ بتوانیت تێی بگەیت، ئەوەت بۆ ڕوون بکاتەوە کە مەترسییەکان چۆن کۆنترۆڵیان بەسەردا دەکرێت وە پێت بڵێت کێ لەوە بەرپرسیارە.
3 ڕاوێژت پێ بکات و لەگەڵ خۆت و نوێنەرانی تەندروستی و سەلامەتی تۆ پێکەوە کار بکات بۆ پاراستنی هەموان لە مەترسی زیان پێگەیشتن لە شوێنی کار.
4 بە خۆڕایی ئەو ڕاهێنانی تەندروستی و سەلامەتیە پێ بکات کە تۆ پێویستیت پێیەتی بۆ ئەنجامدانی کارەکەت.
5 بە خۆڕایی هەر جۆرە هۆکار و پۆشاکێکی پارێزەرت بۆ دابین بکات کە پێویستیت پێیانە، وە لەوە دڵنیا ببێتەوە کە بە ڕێکوپێکی هەڵدەگیرێن.
6 ئاودەست، هۆکارەکانی خۆشتن و ئاوی خواردنەوەت بۆ دابین بکات.
7 هۆکارە پێویستەکانی فریاکەوتنی سەرەتاییت بۆ دابین بکات.
8 زامداربوون و کارەساتی گەورەی سەر کار بە بنکەی پەیوەندی کارەساتی ئێمە ڕابگەیەنێت: **0345 300 9923** زامداربوونی دیکە، نەخۆشی و ڕوداوی ترسناکی تر لەسەر ئینتەرنێت ڕابگەیەنێت لەسەر پێگەی **www.hse.gov.uk**.
9 دڵنیایی (ئینشورانس) ـی هەبێت کە ئەوە لە خۆبگرێت ئەگەر تۆ لە سەر کار زیانت پێ گەیشت یان بەهۆی کارەوە نەخۆش کەوتیت. بڕوانامەیەکی نوێی دڵنیایی لەسەر کاغەز یان بەشێوەی ئەلکترۆنی لە شوێنێکدا هەڵبواسێت کە تۆ بە ئاسانی بتوانیت بیخوێنیتەوە.
10 لەگەڵ ئەو خاوەنکار یان بەڵێندەرانەی دیکە کە پێکەوە بەهاوبەشی شوێنی کارەکە بەکار دەهێنن یان کارمەند دابین دەکەن وەك کرێکارانی دەزگاکان (ئەیجنسی) پێکەوە هاوکاری بکات بۆ ئەوەی تەندروستی و سەلامەتی هەموو کەس پارێزراو بێت.

### چ شتێك پێویستە لەسەرت کە بیکەیت

1 هەر کات هەر شتومەکێکی کارکردن بەکار دەهێنیت کە خاوەنکارەکەت دەت داتێ بەگوێرەی ئەو ڕاهێنانە بەکاریان بهێنیت کە لەو بارەیەوە پێت کراوە.
2 ئەوەندەی دەگونجێت ئاگات لە تەندروستی و سەلامەتی خۆت و کەسانی تر بێت.
3 لە مەسەلەی تەندروستی و سەلامەتیدا هاوکاری خاوەنکارەکەت بکەیت.
4 ئەگەر زانیت کارەکە یاخوود پەیڕەونەکردنی خۆپارێزی تەندروستی و سەلامەتی هەر کەسێك دەخەنە مەترسی جدییەوە یەکێك لەوە ئاگادار بکەرەوە (خاوەنکارەکەت، چاودێر، یاخوود نوێنەرێکی تەندروستی و سەلامەتی).

## ئەگەر کێشەیەك ڕووی دا

1 ئەگەر تۆ سەبارەت بە تەندروستی و سەلامەتی لە شوێنی کارەکەتدا نیگەرانیت، بە خاوەنکار، چاودێر، یان نوێنەری تەندروستی و سەلامەتی بڵێ.
2 هەروەها دەتوانیت سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکەیت بۆ زانیاری گشتی سەبارەت بە تەندروستی و سەلامەتی لە سەر کار.
3 ئەگەر، دوای ئەوەی کە بە خاوەنکارەکەت وت، تۆ هێشتا هەر نیگەران بوویت، دەتوانیت سەپاندنی خۆجێیی خۆت بۆ تەندروستی و سەلامەتی و خزمەتگوزاری لەسەر
ماڵپەڕی HSE ببینیتەوە: **www.hse.gov.uk**.

## سەلامەتی لە ئاگر

دەتوانیت لە خزمەتگوزاری ئاگرکوژاندنەوە و فریاگوزاری یاخوود فەرمانبەری ئاگری شوێنی کارەکەت ڕێنمایی وەربگریت سەبارەت بە ئاگر.

## مافەکانی کارکردن

زانیاری زیاتر لەسەر مافەکانی کارکردنی خۆت دەستگیر بکە لەسەر: **www.gov.uk.**

## رتایز یرایناز

ئەم بڵاڤۆکە بەردەستە لە: www.hse.gov.uk/pubns/books/lawleaflet.htm
زانیارییەکان بە شێوازی دیکە بەردەستن.

ئەگەر حەز دەکەیت ئەم زانیاریانە دووبارە بەکاربهێنیتەوە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە: *© Crown copyright 2009*
بۆ زنیاری زیاتر www.hse.gov.uk/copyright.htm.
یەکەمجار لە 04/09 ـدا بڵاوکراوەتەوە.